السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# لەو شەوەی کە شەو ڕەویم پێکرا گەیشتم بە ئیبراهیم -علیه السلام-، پێی فەرمووم: ئەی موحەمەد لە منەوە سەلام بگەیەنە ئومەتەکەت

لە ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لەو شەوەی کە شەو ڕەویم پێکرا گەیشتم بە ئیبراهیم -علیه السلام-، پێی فەرمووم: ئەی موحەمەد لە منەوە سەلام بگەیەنە ئومەتەکەت، وپێیان ڕابگەیەنە: کە بەهەشت خۆڵ وخاکەکەی نەرم وجوانە، وئاوەکەی پاک وسازگار وشیرینە، وشوێنێکی پان وفراوانە، وچاندنی دارەکانی ناوی بە وتنی: (سُبْحَان الله، والحمد لله، ولا إله إلا الله، والله أكبر)ە».

[تورموزی گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئەو ئیبراهیمی خەلیلی بینی -علیه السلام- لە شەوی ئیسرا ومیعراجدا، پێی فەرموو: ئەی موحەمەد، سەلامی من بگەیەنە بە ئومەتەکەت، وپێیان ڕابگەیەنە کە بەهەشت خۆڵ وخاکەکەی پاك ونەرم وجوانە، وئاوەکەی سازگارە وسوێری تێدا نییە، وبەهەشت خاکێکی پان وفراوان وتەختە وداری تێدا نییە، وچاندنی دارەکان بە ووتنی وشە پاکەکانە، ئەمیش ئەو وشانەن کە پاداشتیان بەردەوامە وهەر دەمێنێتەوە: (سُبْحَانَ اللهِ، وَالحَمْدُ لِلَّهِ، وَلاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَاللَّهُ أَكْبَرُ)، هەرکاتێك مسوڵمان ئەم وشانە بڵێت ودووبارەیان بکاتەوە ئەوا داری بۆ دەچێندرێت لە بەهەشتدا.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3791

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee